# کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

# بەیاننامەی ڕاگەیاندنی پێکهاتنی ڕێکخراوی
# کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

پیکهاتنی " کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" بەئاگاداری هەمووان ڕادەگەیەنین:

ئایندەی کوردستان بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس بەنادیاری ماوەتەوە، هەڵبژاردن‌و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای عێراق بەگشتی بەو بارەدا ئاراستەی گرتووە کە دەسەڵات‌و حوکمی هێزە ئیسلامی و قەومییەکان جاریکی تر بەسەر خەڵکدا دادەسەپینێ‌و ئایندەی خەڵکی کوردستانیش بەرەو داهاتوویەکی ناهەموار پاڵ پیوەدەنی. لە هەل‌ومەرجیکی وەهادا هیچ بواریك بۆ چارەسەری عادیلانەی کیشەی کورد و دەستەبەربوونی خواستەکانی خەلکی کوردستان لە چوارچیوەی عیراقدا نامێنێتەوە.

بەڵام نابێ چارەنوسی خەڵکی کوردستان بەو ئایندە تاریکەوە گرێبدریت کە ئەم هیزە کۆنەپەرستانە بەسەر عیراقدا دایدەسەپینن. نابێ ریگابدریت کوردستان بە زۆر بلکیندریت بە دەولەتیکی قەومی-ئیسلامیەوە. بەڵکو جیابونەوەی کوردستان‌و پێکهینانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ لەریگای بەرپاکردنی ریفراندۆمیکەوە دەتوانی ئێستاو داهاتووی کوردستان لەم هەلومەرجانە دەرکێشی و ڕێگا بەرەو داهاتوویەکی دڵخواز بکاتەوە، ئێمە لەم پێناوەدا تێدەکۆشین‌و ئامانجەکانمان بریتین لە:

1- رفراندۆمیکی ئازاد لە تەواوی ناوچە کوردنشینەکانی عیراقدا بەرپابکرێت بۆ ڕاپرسی سەبارەت بەوەی کە ئایا دەیانەوێ لەگەل عیراق بمیننەوە یان جیابنەوەو دەوڵەتیکی سەربەخۆ بەرپابکەن.
2- شەرعیەت دان بەو بریارەی خەلکی کوردستان کە لە رفراندۆمدا دەیدات، لە ئاستی نیو دەوڵەتیداو ڕاکیشانی پشتیوانی نیونەتەوەیی بۆ خواستی رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان.
3- دامەزراندنی دەوڵەتیکی سەربەخۆی کوردستان‌و دانانی دەستوریکی مودیرن‌و پیشکەوتوانەو سکولارو غەیرە قەومی کە مافی یەکسانی هاولاتیان دابین بکات بە دوور لە جیاوازی دین‌و ڕەگەزو نەتەوە و زمان.
4- بەدیهینانی ئازادی و خۆشگوزەرانی و زەمانەتی ئاسایش و دوربونی لە هەڕەشە و تیڕۆریزم و دابینکردنی یەکسانی نێوان ژن وپیاو.

ئێمە لیرەدا بانگەوازی هەموو لایەن‌و کەسایەتییەکان‌و سەرجەم خەڵکی کوردستان لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان دەکەین کەلەپیناو ئەم ئامانجانە بەڕیزی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پەیوەست بن‌و هاوکاریمان بکەن بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە لەپێناو بەدەست هێنانی خواستی رفراندۆم‌و سەربەخۆیی کوردستاندا. هەموو کەسێك و لایەنێك لە کوردستان‌و لە دەرەوەی کوردستان، کە پارێزگاری لەم مافانەی خەڵکی کوردستان دەکات، دەتوانن ببنە ئەندام لەم ڕێکخراوەدا.


کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

دەستەی دامەزرینەر

**ئەمجەد غەفور، ئاسۆ کەمال، زمناکۆ عەزیز**

**2005/02/14**

Asokamal1@aol.com,zmnaco@yahoo.co.uk, ghafur@ukonline.co.uk